# حائری و فتوای دەست و قاچ بڕین!

سەلام عەبدوڵلا

2003/6/28

پاش راگەیاندن و فتواکانی فرتوسی و کوبەیسی لەدژی مەیفرۆشان، لەشفرۆشان، سینەماو ئارایشگاکان کە بوون بە هۆی جێبەجێکردنی چەندین تاوان، هەروا بانگەوازیان بۆ سەپاندنی حیجاب لە زانکۆو ئینستیتوتەکان و لەناو کۆمەڵگا، ئەمجارەیان ئایەتوڵلا حائری لە (قوم)وە بەعسییەکانی بۆ پێنج بەش دابەشکردووەو فتوای خوێنڕشتنی چوار بەشیانی داوە. حائری لە فتواکەیدا پشتی بە ئایەتێکی سورەتی ئەلمائیدە بەستووە کە دەڵێ: (سزای ئەوانەی لەدژی خودا و پێغەمبەرەکەی دەجەنگێن و بەدکاری دەکەن، کوشتنە یا لەخاچدانە، یا دەست وقاچ بڕینە....)

من تێگەیشتنم و هاوسۆزی، خۆشەویستی، پشتگیری و شانازیم بەوانەی سزای دادوەرانەی گەل لەسەر بەعسییە تاوانبارەکان جێبەجێ دەکەن، ناشارمەوە. هەڵبەت زۆر باشترێکە ئەگەر لەلایەن دادگایەکی دادوەرانە بەشێوەیەکی ئاشکرا بە ئامادەبوونی ماسمیدیا جیهانییەکان، دادگایی بکرێن. ئەم هەڵویستە لەوێوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئەمانە تاوانی دڕندانە لە مێژووی مرۆڤایەتی هاوچەرخ ئەنجام داوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیشە کە بەعس لەدوارۆژیش سەرچاوەی رق و قینەی گوێرانە و مەترسییەکی حەقیقی پێکدەهێنن.

بەڵام ئایا درووستە بانگەواز بۆ دەست و قاچ بڕین و لە خاچدانی بەعسیەکان بکرێت؟ ئایا دڕندایەتی حائری هیچ جیاوازی لەگەڵ دڕندایەتی بەعس هەیە کە لە زیندانەکانیدا دەست و قاچی ئۆپۆزیتسیون دەبڕی یا بۆمبایان دەخستە گیرفانیان و دەیتەقاندنەوە؟

هەرگیز نەخێر، فتواکەی حائری نموونەی سادییەتی چەرخەکانی سەدەی ناوەڕاستە، مەگەر تەنها لەلایەن خاوەن بیرو هەستی دڕندەو سادیست و قین لەدڵەوە پشتگیری لێ بکرێت، نەك لەلایەنگەلی ئینساندۆست، پێشکەوتنخواز، چەپ و کۆمونیستەکانەوە. شایانی باسیشە، ئایەتەکە بۆ سزادانی بەعسییە فاشیستەکان ناشێ، چونکە ئەمانە تەنها تاوان لە دژی خودا و پێغەمبەر نەکردووە، بەڵکو دژی هەموو ئۆپۆزیتسیون کە لە ریزەکانیدا کەم نین ئەوانەی ئەتائیستن. لەدواییشدا ئاماژە بۆ وتارە رەخنەگرەکەی(د. کازم حەبیب) دەکەم کە بەداخەوە، لە کۆتاییەکەیدا نووسیویەتی: (هیوادارم و تکا دەکەم ئەم فتوایە راست نەبێ. من تا ئەم چرکەساتەدا گومان دەکەم لەوەی کە ئەم فتوایە لەلایەن ئایەتوڵلا حائرییەوە دەرکرابێ...هیوای تەندروستی و تەمەن درێژی بۆ دەکەم)!

داخۆ کاکە کازم چاوەڕوانی چی دەکا لەم جۆرە کەسانە، ئایا ئەمە خەیاڵپلاوی نیە؟

---

تێبینی: لەگەل بلاْوکردنەوە فتواکەی الحائری، بە عەرەبی وتارێکم لەدژی نووسی و لە سایتی(کتابات)و(البرلمان العراقی)بلاْوکرایەوە.